سورة النجم – سورتی 53 – ژماری ئایەتەکانی62

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى :  سوێند بە ئەستێرە کاتێک لە شوێنی خۆی دەترازێت و بەخێرایی
بەردەبێتەوە و ئاوا دنبێت .
2. مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى : هاوەڵ وهاوڕێی ئێوە محمد ( صلى الله عليه وسلم )  گومڕاو
سەرلێشێواو نەبووە ، لە ڕێگەی ڕاست و ڕەوان نەترازاوە .
3. وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى : قسەو گوفتاریشی ( ئەوەی کە قورئانە ) لە ئارەزوو بازی و
هەواو هەوەسەوە نیە .
4. إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى : ئەمەی کە رای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خوای یە .
5. عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى :  جوبرەئیلی فریشتە خاوەنی هێزو توانای زۆر ، قورئانی فێر
کردووە .
6. ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى : ئەو جوبرەئیلەی کە خاوەنی بیرو هۆشێکی زۆر بەهێزو دیمەنێکی
جوان بوو ، ئینجا لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی وەستا .
7. وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَى : لە کاتێکدا لە ئاسۆی هەرە بەرزو بڵندەوە سەری هەڵدابوو ،
ئاسۆی پڕکردبوو .
8. ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى : لەوەودوا تا دەهات نزیک دەبۆوە و سەرەنجام هاتە خوارەوە بۆ لای
پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) .
9. فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى : ئەوەندە لێی نزیک بۆوە نێوانیان بەقەدەر دووکەوان یان
کەمتریش بوو .
10. فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى : ئینجا خوا لەڕێگەی ئەوەوە ، نیگای کرد بۆ بەندەی
خۆی ، ئای چ نیگایەک بوو !
11. مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى : ئەوسا ئەوەی کە بەچاوی سەری بینی ، لە ناخ و
دەرونیەوە بڕوای پێی هەبوو ، ناخ و دەروونی ڕاستیەکانی بەدرۆنەدانی .
12. أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى : جا ئایا ڕاستە ؟ ئێوە موجادەلەی لەگەڵدا دەکەن

لەسەر شتێک کە ئەو دڵنیایە لە دیتنی ؟

13. وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى : سوێند بەخوا بێگومان جارێکی تریش لە دابەزینێکی تردا جوبرەئیلی بینیووە ( کاتێک هاتووە بیبات بۆ شەوڕەوی ) .

14. عِندَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى : لەکاتێکدا لە ( سدره المنتهى ) دا بوو .

15. عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى : کە لەوێدا بەهەشتی (مَأْوَى) هەیە بە واتای لانە و جێگەی حەوانەوە .

16. إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى : کاتێک ئەوەی _ سدره _ ی داپۆشی مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت کێن و چین و کاریان چیە ...

17. مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى : جا بینینی ئەو بەدیهێنراوانە لەو شەوەدا وەنەبێت چاوبەست لە پێغەمبەر کرابێت و چاوی لێ لادا بێت .

18. لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى : بێگومان پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەو شەوەدا لە بەڵگە و نیشانە و موعجیزە گەورەکانی پەروەردگاری بینیووە ، بەچاوی سەری ، بە هەموو هەستی ..

19. أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى : جا هەواڵم بدەنێ دەربارەی لات و عوززا و ( دوودانە بتی ناشرین و ئێسک تاڵی دروستکراو ) !

20. وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى : مەناتی سێهەمیش !! ( ئەویش بتێکی ترە ، ئایا دەسەڵاتیان هەیە ) .

21. أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى : ئایا ڕەوایە کوڕان بۆ خۆتان و کچان بۆ خوا بە چاک بزانن ( خوای گەورە دەیەوێت بەعەقڵی چەوتیان ڕەخنەیان لێبگرێت ، ئەگینا کوڕو کچ هەردووک دروستکراوی خوان و پێوەی ڕێز تەنها خواناسی و پارێزکاریە ) .

22. تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى : ئەگەر وابێت ئەو کاتە ئەو دابەشکردن و بڕیارەتان زۆر دوورە لە دادپەروەریەوە و لە سنوور ترازانە .

23. إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى : ئەم بت و پەیکەرانە تەنها شتێکە کە خۆتان و باوو باپیرانتان ناوتان لێ ناون و هیچی تر نین ، خوا بەڵگەیەکی نەناردووە لەسەر ڕەوا بوونیان ، سەیرە ، ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزوی دەروونە نەخۆشیەکانیان دەکەون ، لەکاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەت و ڕێنموویان پێ گەیشتووە !

24. أَمْ لِلْإِنسَانِ مَا تَمَنَّى : نەخێر بۆ ئادەمیزاد نی یە ئەوەی داوای دەکات ، ( چونکە ئاواتەکانی نایەتە دی لە دنیادا ) ؟!

25. فَلِلَّهِ الْآخِرَةُ وَالْأُولَى : كەواتە هەر خوایە خاوەنی دنیا وقیامەت . ( ئەی بۆ هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتە نادەن ؟! ) .

26. وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاء وَيَرْضَى : زۆر فریشتەش لە ئاسمانەکاندا هەن کە تکاو پاڕانەوەیان ناکام و بێ سوودە ، مەگەر خوا مۆڵەت بدات بۆ هەرکەسێک کە شایستەیە و ڕازی بێت کە تا بکات ، یان تکای بۆ بکرێت .

27. إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلَائِكَةَ تَسْمِيَةَ الْأُنثَى : بێگومان ئەوانەی کە باوەڕ بە قیامەت و لێپرسینەوە ناهێنن ناوی ئافرەت دەنێن لە فریشتەکان ، ( لەحاڵێکدا فریشتەکان دروستکراوانێکی تایبەتن ) .

28. وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا : ئەوانە لەو بارەیەوە هیچ جۆرە زانستی و زانیاریەکیان نیە ، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون ، لەکاتێکدا کە گومان بەهیچ شێوەیەک جێگەی حەق و ڕاستی ناگرێتەوە .

29. فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا : گوێ مەدە بەو کەسەی کە یاخی بووە لە یادو بەرنامەی ئێمە مەبەستیشی نەبووە تەنها ژیانی دنیایە نەبێت .

30. ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى : ئەوانە ، هەر ئەوەندەی لێ دەزانن و عەقلیان هەر ئەوەندە دەبڕێت ، بەڕاستی هەر پەروەردگاری تۆیە کەچاک دەزانێت کێ لە ڕێبازەکەی لایداوە و گومڕایە کێیش ڕێبازی ئیمان و هیدایەتی گرتۆتەبەر و شایستەی ڕێزە .

31. وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى : هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیەتی ، ( تاقیتان دەکاتەوە ) بۆ ئەوەی تۆڵەبسێنێت لەوانەی کە خراپەیان کردووە بەگوێرەی کردەوەکانیان ، پاداشتی ئەوانەش کە چاکەیان کردووە بەچاکترین شێوە بداتەوە .

32. الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى : ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لە گوناهو تاوانە گەورەکان لە گوفتارو کرداری بەد جگە لە وردە گوناهان ، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەی ئیماندار چاوپۆشی زۆر فراوانە ، چاک دەتانناسێت ، لەکاتێکدا ئێوەی

له زەویدا بەرپاکردووه ، لەو کاتەشدا ئێوه کۆرپەلەی بچووک بوون له سکی دایکتاندا ( ئاگای لێتان بوو ) ، کەواته خۆتان بەچاک مەزانن و خۆتان به پاڵفته دامەنێن ، هەر خوا دەزانێت کێ تەقای هەیه و پارێزکاره .

33. أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى : جا هەواڵم بدەرێ ئایا ئەوەی پشتی له باوەڕ هەلکرد...

34. وَأَعْطَى قَلِيلًا وَأَكْدَى : کەمێکیشی بەخشی و خێرا دەستی گرتەوه ...

35. أَعِندَهُ عِلْمُ الْغَيْبِ فَهُوَ يَرَى : ئایا ئەو جۆره کەسانه زانستی و نهێنی دەزانن و ئاگاداری شاراوەکانن و دەیبینن ؟!

36. أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى : ئایا ئاگادار نەکرابوو بەوەی له پەڕاوەکانی موسادا بوو ؟!

37. وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى : یان ئەو ئیبراهیمەی که هەموو پەیمانەکانی بەجێ هێنا بەتەواوی ؟!

38. أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى : ( لەو پەڕاوو کتێبه پیرۆزانەدا هاتووه ) : که هیچ گوناهبارێک گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێت .

39. وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى : بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێک نی یه ئەوه تەنها ئەوه نەبێت که خۆی کردوویەتی .

40. وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى : بێگومان هەوڵ و کۆششەکەی دەبینرێتەوه له قیامەتدا .

41. ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاء الْأَوْفَى : پاشان پاداشت دەدرێتەوه بەتێرو تەسەلی .

42. وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى : بەڕاستی و دڵنیاییەوه دەڵێین : که کۆتایی ئەم ڕێگوزەره له لای پەروەردگارتەوه سەرهەڵ دەدات .

43. وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى : بێگومان هەر ئەو زاتەش دیاردەی پێکەنین و گریانی له ئادەمیزادا بەدیهێناوه .

44. وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا : هەروەها هەر خۆی دیاردەی مردن و ژیانی دروست کردووه .

45. وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى : هەر ئەو زاتەش دوو جۆری دروست کردووه که نێرو مێیه ....

46. مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى : له نوتفەیەک ( له خاڵێکی زۆر بچووک ئەویش ئەگەر ویستی خوای لەسەربێت ) کاتێک له جێی خۆیدا دادەنرێت .

47. وَأَنَّ عَلَيْهِ النَّشْأَةَ الْأُخْرَى : بێگومان لەسەر خوایشه دروست کردنەوەی تریش .

48. وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَى وَأَقْنَى : دەوڵەمەندی و ئەوەی پێویست بێت دەیبەخشێت .

49. وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى : هەر خوایش پەروەردگاری شیعرایە : ( ئەستێرەیەکە
هەندێ لە عەرەبەکان پەرستویانە ، قەبارەکەی دە ، ئەوەندەی خۆرە ، یەک ملیۆن
ئەوەندەی نێوان زەوی و خۆر لێمانەووە دوورە ....)
50. وَأَنَّهُ أَهْلَكَ عَادًا الْأُولَى : هەر ئەو زاتەش قەومی عادی یەکەمی لەناو برد .
51. وَثَمُودَ فَمَا أَبْقَى : سمودیشی لەناو برد و هیچی نەهێشتن .
52. وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَى : زووتریش قەومی نوحی لەناو برد
کە بێگومان ئەوانیش ستەمکارو سەرکەشتر بوون .
53. وَالْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَى : هەر ئەو زاتە تاوانباران و شەروالّ پیسانیشی ژێرەو
ژوورکرد....
54. فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى : ئینجا ئەو دێهاتانەی داپۆشی ئەوەی کە دای پۆشی . ( بە
بەرد باران ) .
55. فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكَ تَتَمَارَى : جا ئیتر ئەی بێ ئیمان تۆ لەکام یەک لە نازو
نیعمەتەکانی خوا دوودلّیت ...
56. هَذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الْأُولَى : ئەم پێغەمبەرەش هۆشیارکەرەوەیە لە
هۆشیارکەرەوانی پێشوو .
57. أَزِفَتْ الْآزِفَةُ : ( ئەوە چاک بزانن ) قیامەت و لێپرسینەوە نزیک بووتەوە (
نزیکە بە نیسبەت هەر ئادەمیزادێکەوە هەر کە مردن ئەوە قیامەت لەو بەرپا بووە ،
قیامەتی گەورەش کاتێک بەرپا دەبێت هەمووان واهەست دەکەن کە چەند سەعات
لەوەوپێش دنیا بوو وا ئێستەش قیامەتە ) !!
58. لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ : کەسیش ناتونێت ئەو رۆژە دەربخات و بەرپای
بکات جگە لە خوای باڵادەست .
59. أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ : جا ئایا ئێوە لەم قسەیە کە قورئانە سەرسام دەبن
!؟
60. وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ : پێ دەکەنن و گریانتان نایەت ( بۆ ئەو چارەنووسە
رەشەی کە چاوەڕێتانە ) .
61. وَأَنتُمْ سَامِدُونَ : ئێوە بەردەوام سەرگەرمی رابوردنن و بێ هۆشن ؟!
62. فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا : ( دەی کەواتە بێداربنەوە و داچڵەکێن ) کەواتە سوژدە
بۆ خوای بەدیهێنەر ببەن ، هەر ئەویش بپەرستن .